www.kurdistannet.org
11/05/2002 00:36

**بانگەواز**

# ساختەكاری بە كێلیسەر گۆڕەكان و جێنشینكردنی عەرەبی مردوو رەفتاری رژێمی بەغدایە !

## بۆ/ گشت میدیا عەرەبی و جیهانییەكان

بەقولایی مێژووی سیاسی عێراق تاوانی تەعریبكردنی خاكی كوردستانی باشوور بەرنامەی حكومەتە یەك لەدوایيەكەكانی بەغدا بووە، ئەمڕۆكەش لەژێر سایەی رژێمی بەعسیدا, رۆژ لە دوای رۆژ, ئەو سیاسەتە چڕو بەفراوانتر دەبیٚ و شێوازی نویٚ و دڕندانەتر بەخۆیەوە دەبینێت و, سنووری یاسا نێودەوڵەتی و, نێوخۆییەكان پتر دەبەزێنێت، بە پێی بنەمای ئایینە پیرۆزە ئاسمانیەكانیش ئەو رەفتارە جێگەی گومڕاییەو, نیشانەی گەڕانەوەیە بەرەو سەدە تاریكەكان.

قۆناخی ئیستای ئەو سیاسەتە نەگریسە, هەموو پێوەرە مرۆیی و موقەدەساتەكانی ئاسمان و زەوی خستۆتە لاوەو، تەنانەت مردووی ناو گۆڕەكانی گرتیتەوە، بەوەی كە داروودەستەی ئەو رژێمە لەرێگەی لێژنەی تایبەتیەوە, لەو ناوچانەی كوردستاندا كە لە ژێر دەسەلاٚتی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا نیە, كێلی سەر گۆڕو مەزاری كوردان بەكێلێكی نویٚ دەگۆڕێت , كەناوی عەرەبی و بەروارێكی كۆنی خەیالی لەسەر تۆمار كراوە. لەلایەكی دیكە بێجگە لە كاری جێنیشینكردنی عەرەبی زیندو، دەستی بەجێنشینكردنی عەرەبی مردوو كردووە، لەم پێناوەدا هانی عەرەبە هێنراوەكانی ناوچە كوردییەكان دەدات , كە ئێسك و پروسكی باب و باپیرانیان لەخواروو و ناوەڕاستەوە بۆ ناوچە كوردییەكان بگوازنەوەو, سەر لەنویٚ لەناو خاكی داگیركراوی كوردان بینێژنەوە. بەمەش ئەنجامدەری ئەو تاوانە (٤) ملیون دینار بە پاداشت وەردەگرێت.

ئەو رەفتارە قێزەونانەی رژێم جیا لەوەی پێشێلكارییەكە بۆ بەشێك لەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانە كە خودی حكومەتی عێراقی لەنەتەوە یەكگرتووەكان واژووی لەسەر كردووە، لەهەمان كاتیشدا بەپێی ئەو یاسایانەی كەخۆی دەریكردووە تاوانەو سزای بۆ دانراوە، لەمادەی (٣٧٣)ی یاسای سزای عێراقیدا هاتووە: (سزای بەندكردنی كەمتر لە دووساڵ و پیٚ بژاردن كەلە دوو سەد دینار پتر نەبێت، یان بەیەكێك لەو دوو سزایەی بۆدەبڕێتەوە، هەر كەسێك كەقودسیەتی گۆڕ یان مەزارگە یان هەیكەلێكی مردوو پێشێل یان پیس بكات، یان بیروخێنی یان تێكیبدات یان بەئەنقەست شتێكی لیٚ بشێوێنیٚ).

هەروەها لەبواری نێودەوڵەتیدا, ئەو رەفتارە پێچەوانەو, لاسارییەكی زەقی پەیماننامەكانە, لای هەمووان روونە زۆربەی گەلی كورد پابەندە بە بنەمای ئایینی پیرۆزی ئیسلامو نەریت و ڕێورەسمەكانی، بێگومان گشت ئەو بیروباوەڕانە لەگەڵ تێكدان و گۆرینی كێلی سەر قەبرەكان دژ بە یەكن، لەبەندی (١٨) ی جاری گەردوونی مافی مرۆڤ جەختی لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ( هەموو كەسێك مافی ئازادی بیركردنەوەو ویژدان و ئایینی هەیە، ئەم مافە ئازادی گۆڕینی ئایین و بروا دەگرێتەوەو مرۆڤ لەدەربڕینی ئەو ئازادییەشدا ، بەفێربوون و خەریكبوون وئەنجامدان و پەیڕەوكردنی داب و دەستووری ئەو ئایین و برِوایە بە پەنهانی یا ئاشكراو بەتەنیٚ یا بەكۆمەڵ، ئازادە) هەروەها لەبرگەی (٣) ی مادەی (١٨)ی بەلێنی نێودەوڵەتی تایبەتی مافە شارستانێتی و سیاسییەكاندا هاتووە (ئازادی كەسێك بۆ گوزارشت لەئایین و باوەڕەكانی، تەنیا ملكەچی ئەو پابەندییانەیە كە لەیاسادا هەن و بێوەیی گشتی و پیرەوی گشتی و تەندروستی گشتی وخورەوشت و مافەكانی خەڵكی و ئازادییە بنچینەكانیان پێویستی دەكەن) ئاشكرایە رەفتارەكانی رژێمی بەغدا دەرهەق بەگۆری مردووەكان هەمووی بەنهێنییەو بگرە

© Kurdistan Net

لەژێر پەردەی یاسا رەگەزپەرستیەکانیشی ناڕوا بەڕێوە، کە لەبەردەم ریورەسمە ئاینیەکان بۆتە گەورەترین کۆسپ و تەگەرە.

گشت میدیاکانی جیهان ئاگاداردەکەینەوە, کە رژێمی بەغدا لە سەر ئەو رەفتارانەی بەردەوامە, بۆ گۆرینی شوێنەواری خاکی کورد,.داواش لەکۆمەلە نێودەولەتیو رێکخراوە پەیوەندارەکان دەکەین کە هەرچی زووە ئەو پێشێلکارییەی حکومەتی بەغدا ریسواو مەحکم بکەن.

نەفرەت لەسیاسەتی پاکتاوی
نەژادی و تەعریبی خاک

رۆژنامەی (تەعریب)
هەولێر/کوردستان
٢٠٠٢/٥/١١

وێنەیەك بۆ/–لێژنەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان
–جامعەی ولاتانی عەرەبی
–کۆنگرەی ولاتانی ئیسلامی
–رێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی

© Kurdistan Nêt